# ئەگەر یەکێکتان خزمەتکارەکەی خواردنەکەی بۆی هێنا، ئەگەر داوای لێنەکرد بۆئەوەی لەگەڵیدا دابنیشێت، ئەوا با پاروویەک یان دووانی پێبدات، چونکە ئەو ئامادەی کردبوو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان خزمەتکارەکەی خواردنەکەی بۆی هێنا، ئەگەر داوای لێنەکرد بۆئەوەی (خزمەتکارەکەی) لەگەڵیدا دابنیشێت، ئەوا با پاروویەک یان دووانی پێبدات، چونکە (خواردنەکە) ئەو ئامادەی کردبوو».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: خزمەتکار یان بەندە ئەگەر خواردنێکی ئامادەکرد بۆ گەورەکەی، لە چاکەکاری وجوانی مامەڵە وجوامێری ئەوەیە گەورەکە بەشی خزمەتکارەکەی بدات لەم خواردنەوە وبێبەشی نەکات لەکاتێکدا ماندوو بووە لە ئامادەکردنی وهێناویەتی، بۆیە لە جوامێری وڕێزگرتن وجوانی مامەڵە کردن نییە ئەگەر خزمەتکار هیچ شتێک لەم خواردنە نەخوات، بەڵکو بەشی دەدات بۆئەوەی ڕازی بێت ودڵی نەشکێت وهەست بکات بەوەی ڕێزی لێگیراوە بەهۆی ئەم کردەوەیەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58192

النجاة الخيرية ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee